# نزاو پاڕانەوە لە ڕەمەزاندا

[ بە کوردی ]

الدعاء في رمضان

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : حاجی ئومێد چروستانی

المؤلف : حاج أوميد جروستاني

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# نزاو پاڕانەوە لە ڕەمەزاندا

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری باڵا دەست و میهرەبان درود و ڕەحمەتی فراوانیش بۆ سەر گیانی پاکی پێشەواى مرۆڤایەتی موحەمەد المصطفی و سەرجەم هاوەڵ و شوێن کەوتوانی هەتا هەتایە.

نزا و پاڕانەوەلەبیرو باوەڕو شەریعەتی ئیسلامدا گرنگی یەکی زۆری پێدراوەوەوکۆڵەکەیەکی زور گەورەی ئەم بیروباوەڕەیە، ئەمەش بەوەی مرۆڤی موسڵمان لەنزاو پاڕانەوەکانیدا تەنها و تەنها داواى یارمەتی و کۆمەکی لەپەروەردگاری بکات و هیچ کەس و هیچ شتێك نەکات بە شەفیع و وەسیط لەنێوان خۆی و خواى گەورەدا.

ئەم نزاو پاڕانەوەش گرنگیەکی زۆری هەیەلەپێناو بتەوکردنی پەیوەندی بەندەو پەروەدگار، بەتایبەتی لەمانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا ، ئەو ئایەتانەی سورەتی (البقرە) کەباس لەفەرز بوونی ڕۆژوو دەکەن لەسەر موسڵمانان وەك خواى گەورەدەفەرموێت : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ) البقرة183، پاش ئەم ئایەتەخێرا بەدوایدا چەند ئایەتێك دێت کەباس لەحوکمەکانی ڕۆژوو دەکات لەنێوانیاندا ئەم ئایەتەش هاتوەکەپەروەردگار دەفەرموێت (وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِــي وَلْيُؤْمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ) البقرة186، واتە: ئەی موحەمەد ئەگەر بەندەکانم پرسیاریان لێ کردیت دەربارەی من ئەوەبا بزانن من زۆر نزیکم لەئەوانەوە، بێگومان ئەگەر ئەوان دواو لێ بکەن دوعاو داواکانیان گیرا دەکەم، دەی کەواتەبا ئەوانیش بێن بەدەم بانگەکەمەوە و باوەڕ بەمن بهێنن تاوەکو لەو کەسانەبن کەپەروەردگارت ژیری و ڕوشدیان پێ دەبەخشێت.

لەم ئایەتەوەئەوە تێ دەگەین کەپەروەردکاری میهرەبان دەیەوێت بیرمان بخاتەوەکەئەو زۆر لەئێمەوە نزیکە بەتایبەتی لەمانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا،وەبەتایبەتی تریش لەکاتی ڕۆژوو شکاندا ، ئیبن کەثیر ڕەحمەتی خواى لێ بێت دەفەرموێت : پەروەردگار کاتێك ئەم ئایەتەی فەرمووەلەچوار چێوەی باسکردن و فەرزبوونی مانگی ڕەمەزان خۆی لەخۆیدا ڕێنمونی خواى گەورەدەگەیەنێت بۆ بەندەکانی کەلەم مانگەپیرۆزەدا زۆر لێ ی بپاڕێنەوەو دەستی نزایان هەموو ڕۆژێك لەکاتی ڕۆژوو

شكاندنياندا ولەكاتی تەواو بوونی مانگەكەشدا بەرز بكەنەوەبۆلای ئەمەش لەفەرموودەی سەحیحی پێغەمبەر( درودی خوای لێ بێت ) دا هاتووەكەدەفەرموێت : ( للصائم عند فطره دعوة لاترد ) واتە : ڕۆژوەوان لەكاتی ڕۆژوو شكاندنیدا نزاو پاڕانەوەكانی لای خوای گەورەناگێڕرێتەدواوە.

ئیمامی قورطوبي ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت : " كاتێك كەپەروەردگار دەفەرموێت : ( وإذا سألك عبادي عني ) واتە ئەی موحەمەد ئەگەر بەندەكانم پرسیاری پەروەردگار و پەرستراوی خۆیان كرد ئەوا پێیان ڕابگەیەنە كەمن پاداشتی بەخێریان دەدەمەوەلەسەر گوێڕایەڵی و طاعەتیان بۆ من وەهەروەها وەڵامی ئەو كەسانەش دەدەمەوەلێیان كەداوام لێ دەكەن ، وەهەروەها پەروەردگارت ئاگادارەبەوەی بەندەكانی دەیكەن لەنوێژ و ڕۆژوو شتی تریش .

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ئەم ئایتەو چەندان ئایەتی تریش ئەوەمان بیر دەخەنەوەكەپەروەردگاری بەمیهرەبان زۆر نزیكە لەبەندەكانیەوە وەڵامی داواكانیان دەداتەوەئەگەر ئەوان بەڕاست و دروستی خواپەرست و یەكتاپەرست بن لەعیبادەتەكانیاندا ، ئەوەتا پێغەمبەری خوا كاتێك لەگەڵ هاوەڵاندا بەرەو غەزوەی خەیبەر دەڕۆشتن ، كۆمەڵێك لەهاوەڵان ڕۆشتنەجێگایەكی‌بەرزو دەسیان كرد بەنزاو پاڕانەوەو ووتنەوەی زیكری الله أكبر الله أكبر ، لا إله إلا الله ،بەدەنگێكی بەرز ،پێغەمبەری خواش(درودی لەسەر بێت ) ڕووی تێكردن و پێی فەرموون " هەركەس بۆ خۆی نزا داوا لەخوای گەورەبكات ئێوەدەزانن كەئێوەداوا لەكەسێكی غائب و كەڕ ناكەن بەڵكو داوا لەكەسێكی نزیك دەكەن كە هەموو شتێك دەبیستێت و هەمیشەش لەگەڵتاندایە.

شێخ عەبدورەحمان سەعدیش لەتەفسیری ئەم ئایەتەپیرۆزەدا ( وإذا سألك عبادي عني ) دەفەرموێت : " خوای گەورەچاودێر و شاهد و ئاگادارەبەسەر هەموو نهێنی و شاراوەكان زانایەبەنهێنی ناو دڵەكان و خیانەتی چاوەكان هەروەها زۆر نزیكیشەلەبەندەكانی لەكاتی داوا و پاڕانەوەكانیان ،هەر لەبەر ئەمەشەدەفەرموێت : ( أجیب دعوة الداع إذا دعان ) واتە: داوای داواكارەكانیان وەردەگرم و گیرای دەكەم .

دوعاو پاڕانەوەش دوو جۆرە : یەكێكیان دوعای بەندایەتی یە، دووەمیشیان دوعای

داواكاری و نیاز و ڕازی بەندەكان خۆیانە، هەروەها نزیكی پەروەردگاریش دوو جۆرە، یەكەمیان نزیكی خوای گەورەلەبەندەكانیەوەبەعلم و زانیاری خۆی ، دوەمیشیان نزیكی پەروەردگار بەگیرا كردن و قبوڵ كردنی نزاو پاڕانەوەی بەندەكانی ، هەروەها نزیكی لێیان بەیارمەتی دان و موەفەق كردنیان لەكارەكانیاندا ، جا هەركەس بەدڵێكی ئاگاو پڕ لەیادی خودا و بەنزاو داوایەكی ڕێگا پێدراو مەشروع ، پاشان هیچ ڕێگرێكیش نەبێت لەگیرا كردنیان وەك ئەو كەسەدەبێت ماڵ و خواردن پۆشاكی لەحەڵاڵ بێت، بێگومان پەروەردگار بەڵێنی ئەوەی داوەكەئەو نزا و پاڕانەوانەگیرا بكات ، بەتایبەت ئەگەر هاتوو

ئەو کەسەهۆکارەسەرەکیەکانی جێ بەجێ کرد ، وەك ئەوەی تەواو گوێڕایەڵی خودای گەورەبێت و سەرجەم فەرمانەکانی ئەو بەپێ توانای جێ بەجێ بکات لەقەدەغەکراوەکانیش دوور بکەوێتەوە و نزیکی ئەو پاوەن پەرێزانەنەکەوێتەوەکەهێڵی سووریان بەدەوردا هاتوەلەئیسلامدا ، لەسەروو هەموو ئەمانەشەوەباوەڕی بتەوی بەخوای گەوەر هەبێت چونکەباوەڕ بوون بەخوای گەوەر مەرجی سەرەکی گیرا کردنی نزایە، هەروەك دەفەرموێت : ( فليستجيبوا لي وليؤمنوا بي لعلهم يرشدون ) واتە: با بەدەم بانگی منەوەبێن و باوەڕم پێ بهێنن تاوەکو پەروەردگار ژیری و ڕوشدیان پێ ببەخشێت .

ژیری و ڕوشدیش بەوەدەبێت خوای گەورەهیدایەتیان ئەدات لەسەر ئیمان و باوەڕ و کردەوەی چاکەو دووریان دەخاتەوەلەگومڕای و سەر لێشواوی کەهۆکاری سەرەکین بۆ بێ باوەڕی و لەخودا دووری ، چونکەئیمان و باوەڕ و کردوەی چاك و هاتن بەدەم بانگەوازی خوداوەهۆکارن لە پێناو دەسخستنی علم و زانست هەروەك پەروەردگار دەفەرموێت : ( يا أيها الذين آمنوا إن تتقوا الله يجعل لكم فرقانا ) واتە: ئەی کۆمەڵی باوەڕ داران ئەگەر بێتو ئێوەلەخوا ترس بن و تەقوای خوداتان هەبیت پەروەردگارتان زانستێکی واتان پێ دەبەخشێت کەچاو ڕوون بن لەوەی کەچاك و خراپ لەیەك جودا بکەنەوە.

لەفەرموودەیەکی سەحیحیشدا هاتوەکەپێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت ) دەفەرموێت : ( الدعاء هو العبادة ) واتە نزاو پاڕانەلای خوای گەورەپەرستنی خودایە.

ئەبـــو هورەیرە( ڕەزاو ڕەحمەتـــی خوای لێ بێت ) لەپێغەمبەری خـــوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەگێڕێتەوە کە دەفەرموێت : " خوای گەورەلەفەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت : " أنا عن ظن عبدي بي . وأنا معه إذا دعاني) ئەم فەرموودەیەئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردوە، واتە : پەروەردگار دەفەرموێت : من لەگەڵ گومانی بەندەکەی خۆمدام _ واتە ئەگەر گومانی وابیت کەلێی خۆش دەبم منیش لێی خۆش دەبم، بەپێچەوانەشەوەئەگەر گومانی وابێت لێی خۆش نابم منیش لێی خۆش نابم، یان گومانی وابێت کەنزاو پاڕانەوەکانی لێی گیرا دەکەم ئەوەبۆی جێ بەجێ دەکەم بەپێچەوانەشەوەبێت منیش لەگەڵ گومانی ئەودام _ لەکۆتای فەرموودەکەدا دەفەرموێت : من لەگەڵ بەندەکەی خۆمدام ئەگەر هاواری بۆ هێنام .

لەفەرموودەیەکی حەسەنیشدا کەسەلمانی فارسی لەپێغەمبەری خواوە ( صلى الله عليه وسلم ) دەگێڕێتەوەکەدەفەرموێت : " إن ربكم حيي كريم ، يستحي أن يبسط العبد يديه إليه فيردهما صفرا " .

واته : پەروەردگاری ئێوەهەمیشەزیندوەو زۆر  بەڕێزە و خاوەن کەرەمە، پەروەردگار شەرم دەکات کاتێك بەندەکەی دەستی بەرز دەکاتەوەبۆلای بەبێ هیچ و بەبەتاڵی بیگێڕێتەوەو بیداتەدواوە.

لەفەرموودەیەکی تری سەحیحدا هاتوە کە پێغەمبەری ئازیز ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : " ما من مسلم يدعو الله عز وجل بدعوة ليس فيها إثم ولا قطيعة رحم إلا أعطاه الله بها إحدى ثلاث خصال إما أن يعجل له دعوته وإما أن يدخرها له في الأخرى وإما أن يصرف عنه من السوء مثلها قالوا إذا نكثر قال الله أكثر .

واتە : هەر موسڵمانێك کەداوا بکات لەخوای گەورە و لێی بپاڕێتەوەبەمەرجێك داواکانی مەشروع بن و داوای شتانێکی گوناهـ نەکات و صلةي ڕەحم و خۆشەویستی لەگەڵ خزمانیدا نەبچڕاندبێت ، بەمسۆگەری خوای گەورەیەکێك لەم سێ شتەی دەداتێ، یان داواکەی خێرا جێ بەجێ دەکات ، یان بۆی هەڵدەگرێت بۆ ڕۆژی دوایی و دەیکات بەحەسەنات و چاکەو لەبەهەشتدا بۆی قەرەبوو دەکاتەوە، یان بەئەندازەی گیرا کردنی ئەو نزاو پاڕانەوانەخراپەو بەڵاو موسیبەتی لەسەر لادەبات ، ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا : ئەگەر داواکانیشی زۆر بن ، فەرمووی خوای گەورەزۆری بەلاوەیە، واتە زۆر دەوڵەمەندە.

خوێنەری ئازیز و بەڕێز دەبێت ئەوەش بزانین نزاو پاڕانەوەمەرج و ئادابی تایبەتی خۆی هەیە، ابن العطاء ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەفەرموێت : نزاو پاڕانەوە ڕوکن و باڵی فڕین و هۆکار و کاتی تایبەتی خۆی هەیە، جا ئەگەر نزاو پاڕانەوەکانمان ڕوکنەکانی تیادا هاتەدی ئەوەبەهێز دەبێت ، وەئەگەر هاوتا بوون لەگەڵ باڵەکانیدا ئەوەئەو نزاو پاڕانەوانەلەشەقەی باڵ دەدەن و دەفڕن بۆ ئاسمان ( واتە بەرز دەبنەوەبۆ لای خوا ) ، وەئەگەر موافقی کاتەکانیش بێت ئەوەپەروەردگار زۆر بەوەفایە، خۆ ئەگەر موافقی هۆکارەکانیش بێت ئەوەبەڕاستی نزاو پاڕانەوەیەکی سەرکەوتوو دەبێت .

باڵی فڕینی نزاو پاڕانەوەکانیشمان ڕاستگۆیی یەلەگەڵ خواو خەڵکیشدا ، کاتەکانیش ئەو کاتە پیرۆزانەیەکەلەسونەتی پێغەمبەردا ( صلى الله عليه وسلم ) دياري كراوە، وەك لەکاتی شەو نوێژ و حەرەمی مەککەو ڕۆژنی هەینی و بەربانگ کردنەوەی ڕۆژوودا ، وەهۆکارەکانیشی ئەوەیەسەرەتا بەشوکر و سوپاسی پەروەردگار دەست پێ بکەیت پاشان صەلەوات دان لەسەر پێغەمبەری خوا و دواتر دەست بکەیت بەداوا و نزاکانی خۆت .

جا ڕۆژوەوانی خۆشەویست مانگی ڕەمەزان بەهەل وەر بگرەو لەکیسی خۆتی نەدەیت با هەموومان بیکەین بەوێستگەیەکی بەخۆدل چوونەوە، بیکەین بەمانگی واز هێنان لەتاوان و خراپەو پەیمان بەستن لەگەڵ خوای میهرەباندا کەبەندەیەکی ڕاستگۆ و چاکەخواز بین، چاکەخوازبین بۆ گەل و ووڵاتمان ، سەرەتا چاکەمان بۆ خۆ و خێزان و هۆز بێت، تاوەك پەروەردگار چاکسازمان بکات بۆ میللەت و گەل وڵاتمان .

هیچ نزاو پاڕانەوەیەك بەكەم وەرمەگرەو بەسووكی مەزانە، چونكەخەزێنەی پەروەردگار زۆر زۆری تیادایەو پەروەردگارمان زۆر دەوڵەمەندە، ئەوەبزانەئەگەر خوای گەورەبەئەندازەی هەموو دونیا بدات بەبەبەندەكانی هیچ لەموڵكی ئەو كەم ناكات ، جا بۆیەدەبێت ئێمەش ڕژد و حەسود و بەخیل نەبین لەنزاو و پاڕانەوكانماندا دوعای خێر بۆ سەرجەم خەڵك بكەینن ئەوەی تا ئێستا خوای گەورەهیدایەتی نەداوەدوعای هیدایەتی بۆ بكەین ، ئەوەشی هیدایەت دراوەدوعای بەردەوامی و خێر و چاكەی بۆ بكەین .

پەروەردگار چۆن لەمانگی ڕەمەزاندا دوعاو پاڕانەوەی بەندەكانی دەگێڕێتەدواوەو گیرایان ناكات ، لەكاتێكدا ئەگەر بەندەكانی بەڕاست و دروستی لەواتای ڕۆژوو گەشتبن ، بەندەیەك لەبەر ڕەزامەندی پەرورەدگاری لەبانگی بەیانی یەوەواز لەهەموو خواردن و خواردنەوەو ڕابواردنێك بهێنێت تا بانگی شێوان ، هەرگیز ڕەحمی خودا وانیە كەبەندەكانی دڵ شكاو بكات و لێیان خۆش نەبێت و نەیان خاتەبەهەشت و ڕاز و مەرامەكانیان جێ بەجێ نەكات .

دەبێت ئەوەبزانین هەركاتێك نزاو پاڕانەوەكانمان وەر نەگیران یان ئەوەتا ئێمەخۆمان زۆر گوناهبارین دەبێت سەرەتا خوا لەخۆ رازی بكەین و لەگەڵ پەروەردگاردا ئاشت ببینەوە، ئەوجا بەتەمای گیرا كردنی داواكانمان بین ، یان ئەوەتا وەك ووتمان خوای گەورەچاكتری بۆ بەندەكەی دەوێت و لەقیامەتدا باشتری دەداتێ ، یان ئەوەتا ئێمەبەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین بەئەندازەی ئەو نزاو پاڕانەوانەپەروەردگار خراپەو بەڵای لەسەر هەڵگرتووین ، یان ئەوەتا بەئیزنی خوای گەورەبەبەرچاوی خۆمانەپێمان عەتا دەكات و جێ بەجێ ی دەكات بۆمان .

لەكۆتایدا داواكارم لەخوای گەورەیارمەتی هەموو لایەكمان بدات كەبەردەوام بین لەسەر دەستگرتن بەئاینەپیرۆزەكەیەوە، وامان لێ بكات كەئەم مانگی رەمەزانەبكەین بەوێستگەی بەخۆدا چوونەوەو واز هێنان لەگوناهـ و بیشی كەین بەتوێشوو ونوور بۆ بۆ قیامەت و ڕۆژی دوایمان تاوەكو بتوانین بەهۆیەوەلەتاریكی گۆڕ و جەهەنم ڕزگارمان ببێت ( آمــــیـــــــن ) .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين